# باخۆمان داخوازیەکانمان چارەسەر بکەین

**محمود ئەحمد**

بەچاو خشاندنێک بەچەند رووداوی سالانی رابردوو وەک بیرەوەریەک دەست پێدەکم تاکو بتوانێ یارمەتی دەری تێگەیشتنی باسەکەبێ.

لەروانگەی ئێمەوە هەلوومەرجی ئەمرۆی جیهان نەتیجەی ئەزمەی سەرمایەداریە کەلەچەندین دەیەی رابردوو دەستی پێکردوە وەتاهاتوە قولتر بۆتەوە، ئەم قەیرانە لەگەل قەیرانەکانی پێشوتر کەشەرەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی بەشوێنەوە بوو جیاوازە.

قەیرانەکانی رابردوو بەدابەشکردنی بازارەکانی جیهان لەنێوان هێزە ئیمپریالیستەکاندا بۆماوەیەکی باش کۆتای دەهات وە خەلک دەیان توانی پشویەک بدەن، بەلام قەیرانی ئێستا نەک هەر باشتر نەبووە بەلکوو تاهاتووە بەرینتر بۆتەوە. ئیمپریالیستەکان هەرچەندە تێدەکۆشن رێگاچارەی بۆ بدۆزنەوە بەلام بێ ئاکام ماوەتەوە، جاران هەموو کێشەکەیان دەخستە ئەستۆی یەکێتی سۆڤیەت وەدەیانووت ئەوە خەتا لەوەیە سۆڤیەت " کۆمۆنیستە" وەقەیران دورست دەکات بەلام بەدوای ئەوە کەسۆڤیەت وە بلۆکی هاوپەیمانی مسودۆلۆژی خۆیان گۆری جەماوەری خەلک زۆر زوو بۆیان دەرکەوەت کەگۆرانکاری لەبلۆکی رۆژهەلاتیش یارمەتی بەباش بوونی ژیانیان نەکرد بەلکوو هەرهاتووە ناخۆشتر بووە.

ئێستا بارووددۆخی سیاسی کۆمەلایەتی زۆر گۆراوە وەبەدژی ئیمپریالیستە غەربیەکان وەبازاری ئازاد گەراوەتەوە،بیانووی سۆڤیەت لەگۆریدا نەماوە مافی مرۆڤ وە دیموکراسی چونەتە ژێر پرسیارەوە زۆر جار بەئاشکرا سەناتۆروو دیبلۆمەتەکانی ئەمریکا باسیان لەوەکردوە کەئەگەر بلۆکی رۆژهەلات وەک خۆی بمایە دەستکەوتیان زیاتر دەبوو.

هەرەسی رووخانی بلۆکی سۆڤیەت بەسەر بازاری ئازادا قورسای زۆری کرد وەتا هات قەیرانەکەی قوولتر کردەوە، ئەوەی پێیان وابوو سۆڤیەت دەبێتە شوێنی دەرامەت بۆیان نەک هەروانەبوو بەلکو سۆڤیەت بوو بەبالێک کە ژمارەی 7ی کرد بە8. ئەم خوریە کەنەبوو بەریس وای لێهات کەبەدوای بەهانەی واوەبوون کەبتوانێ جێگەی بیانووی سۆڤیەتیان بۆ بگریتەوە، بۆئەم مەبەستە زۆر جار لەزمانی (کۆلین پاول)وەزیری پێشوی دەرەوەی ئەمریکا بیستراوە کەبەکۆنگرەی دەووت کەبۆئەم مەبەستە کەسی خراپمان کەمە.

رووداوی 11ی سپتێمبەری 2001 ئەم هەلەی خولقاند تائەمریکا لەناو دۆستانی کۆنی خۆی (سدام،القاعیدە، طالیبان) لەژێر ناوی شەری تیرۆریزم بتوانێ لەژێر باری سەلماندن وەقبولی مەسئولیەتی بەهەژاری تر کێشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ ماوەیەک خۆی بدزێتەوە.

بەلام ئێستا زۆربەی خەلک دەزانن کەباروودۆخی نالەباری ژیانیان لەیەک یان چەند کەسی 'یاخی' مسولمان یان غەیری مسولمان نیە بەلکو دەسەلاتدارانی سەرمایە وەلەپێش هەمویان ئەمریکایە بۆتە سەبەبی ئەم قەیرانە، ئەمانەی ئەمرۆ پێیان دەلێن یاخی چۆن ئەوکاتەی بەقازانجی ئەمریکا هەزاران کەسیان لەخەلکی ئەفغانستان دەکوشت یاخی نەبوون؟! چۆن تیرۆریست نەبوون؟!.

ئەم گالتەجاریانەی ئێستای ئەمریکا بۆتە هۆی ئەوە کەخەلکانێکی زۆرتر بەدژی بوەستن، وەبچنە پال سەدان ملیۆن خەلکێک کەتائێستا لەشێوازی جۆربەجۆری خۆپیشاندانی دژی شەر، دژی داگیرکاری، دژی ژینگە، دژی بانکی جیهانی، دژی هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەلکی زەحمەتکێش، دژی کوشتاری خەلکی فەلەستین، دژی جیهانگیری سەرمایە،دژی بێکارکردنی کرێکاران خۆپیشاندان دەکەن.

لەلایەکی ترەوە دەوروبەری خۆشمان لەم باروودۆخە بەدوور نەبوە. ئەو حیزبە سیاسیانە کەتاکو دوێنێ بەلێنیان بەخەلک دەدا کەمافی خەلک بەدی دێنن ئەمرۆ بوونەتە هاوپەیمانی ئەمریکا وەراستەوخۆ شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراق دووکەلەکەی دەچێتە چاوی ئەوانیشەوە، چونکە هەر لەم ماوە کورتەشدا کەلەرێگای ئەمریکاوە بونەتە بەشێک لەدەسەلاتی عێراق نەیانتوانیوە کارێک بۆ خەلک جێبەجێ بکەن لەجیاتی ئەوەی لەفکری خەلکدابن لەفکری خۆیاندان، وەرۆژ نیە نەبیستین ئەوە بینایەکی نوێ کرایەوە کەدەقاتە یان نەبیستین کەخەریکن کۆمپانیای تازە دەکەنەوە. کاتێک لەخاوەنەکانیان دەکۆلینەوە یان خۆیان لەمەسئولانی حیزبین یان کەسانی نزیک لە حیزبەکانن، وەهەموو ئەم شتانە ئەهلین وەپەیوەندیەکیان بەجەماوەری خەلکەوە نیە. تاکو ئێستا ئەو بەلێنانەی کە بەخەلکی دەدن هەر قسەیەو وەبەجێگەی ئەوە دەبینین خەلکی هەژار ناتوانن مندالاکانیان بەخێو بکەن وەناچارن دەیاننێرنە سەر شەقامەکان بۆ کاری بۆیاغ کردن وەیا پاتری فرۆشتن. ئەومندالانەی کەپێویستە لەقوتابخانە بخوێنن وەبەپلەو پایەیەکی بەرز بگەن تاکو خۆیان و دایکوو باوک و کۆمەلگاش بحەسێننەوە کەچی چارەنووسیان بۆتە چارەنووسی گەردالەبایەک.

لەلایەکی ترەوە کرێی خانوو دەبەرابەر چوتە سەر،نەبوونی ئاوو کارەبا،بێکاری، هەژاری، ئاوەدان نەکردنەوەی دێهاتەکان.....هتد ،تاکو ئێستا کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێش بەهیچ مافێکی خۆیان نەگەیشتوون.

نامووس پەرستی و فەرهەنگی عەشیرەتی هەررۆژەی دەیان ژن بێ گیان دەکات، مافی رێکخراوبوون زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کەوەک دەسەلاتداران بیر بکەنەوە،وەدەیان شتی لەم بابەتە.

لەم ماوە کورتە هەموو ئەوانەمان بەچاوی خۆمان بینی، بینیمان کەناوەرۆکی دیموکراسی یانی ئەمانەی کەباسم کرد. بینیمان پروپاگەندەی حیزبە سیاسی یەکان چووە پال تەبلیغاتی دیموکراسی غەربی کەهەردووکیان یانی ئەم سەرنویشتە داوێنی خەلکی گرتوە. بەشێک لەخەلک هاتبوونە ئەو باوەرە کەبەهاتنی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەو باروودۆخەی ژیان رزگاریان دەبێت، وەپەنجەرەیەکی روون دەکەوێتە ناو ژیانی تاریکیان هەربۆیە هاوکاری حیزبە دەسەلاتدارەکانیان لەگەل هاوپەیمانان نەخستە ژێر رەخنەی کارگەرەوە و بەریان بەم کارە نارەوایە نەگرت.خەلک ئەم پرسیارەیان لەخۆنەکرد چۆن دەکرێ حکومەتی ئەمریکا لەکاتێکدا بۆخۆی نزیکەی 20 ملیۆن کرێکاری بێکار کردوە، چۆن ئازادی و ژیان خۆشی لێ چاوەروان بکەین، وەبیریان لەوەنەکردەوە باشە مەبەستی هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەی کەنداو چیە؟

ئەوکاتەی بەدوو دەلیل ئێمە نەمان توانی پێش لەو هاوکاری کردنی حیزبە دەسەلاتدارەکان بگرین، یەکەمیان ئەوەبوو کەباسم کرد خەلک خۆشبین بوون بەوەی پەنجەرەیەکی روون دەکەوێتە ناو ژیانی تاریکیان، دووەمیان کەمی دەنگی ئێمە بوو کەبەهەموان نەگەیشت.

ئەوکاتی ئێمە جوابی ئەم پرسیارانەمان دایەوەو وتمان چاوی خەلکی ئێرە رەشتر لەچاوی خەلکانی دیکە نیە وەئەو هاتنە بەچەند مەبەستێکی دیاریکراوەوەیە، ژمارەیەک لەو مەبەستانەمان باس کرد یەکەمیان خەونی کۆنی ئاغایەتی دەست بەسەر جیهان داگرتن بوو (نەزمی نوێی جیهانی) دوهەمیان بۆ کودەتا لەسەدام بوو تالەلایەک ئیسرائیلی پێ دلخۆش بکەن لەلایەکیترەوە عرەبەکانی پێ بترسێنن. سێیەمیان بۆ بەرگری لەپەرەسەندنی بازاری ئابووری چین و وولاتانی دیکەی رەقیب. چوارەمیان بۆ کۆنترۆل کردنی گرووپە ئیسلامیە سیاسیەکان و بەکار هێنانیان بەو شێوەیەی کەپێویستیان پێ یەتی.

ئەوەی کەروونە تاکوو ئێستا ئەمریکا شکستی خواردوە وەبەمەبەستە سەرەکیەکانی خۆی نەگیشتوە تەنها کودەتای سەدام وەدلخۆشی ئیسرائیلی بەدواوەبوو. شتێکی تر کەروونە ئەوەیە کەخەلکی بێ ئاکام مانەوە،

ئەگەر ئەم چەند دێرە وەک چاو پێخشان و لێکۆلینەوە پەسەند بکەین پرسیار ئەوەیە دەبێت چی بکەین؟

بۆجوابی ئەم پرسیارە ئێمە دەلێن کەدەبێت لەگەل جەماوەری کرێکاران خەلکی زەحمەتکێشی نارازی دوونیا یەکگرتوو بین و داخوازیەکانمان بکەین بەیەک تاکو ئامانجەکانیشمان وەک یەک بێت، ئەوسەردەمەی کەلەلای ئێمە خەلک خۆشباوەر بوون بەئەمریکا، لە وولاتانی جیهان دژایەتی گەورە لەگەل پلانەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی

کراو وەسەرکەوتنی زۆری بدواوەبوو، پێویستە بەمەبەستی رۆشنترکردنی داخوازیەکان ئیشارهیەک بەدەستکەوتەکانی ئەم وولاتانە بکەین.

لە بەرازیل بۆ یەکەم جار لەمێژوو دوای کۆمۆنی پاریس یەکێتیە کرێکاریەکانی ئەو وولاتە یەکێک لە ناسراوترین وەلێهاتوو ترین کرێکاریان گەیاندە رابەری پلەی بەرزی ئەو وولاتە، بەم کارە دەمی هەموو دەسەلاتدارانی جیهانیان بەست،کەدەیان ووت چۆن کرێکارێک دەتوانێ وولاتێک بەرێوەبەرێت بەپێچەوانەوە ئێستا دەبینین کەبەگۆرانکاری زۆر بنەرەتی سیمای وولاتی گۆریوە.

لەوولاتی ڤەنزوێلا خەلکی دەنگی خۆیان خستە پال دەنگی نارەزایەتی جیهانی لەدژی داگیرکاری و شەر، لەلایەکی دیکە لایەنگرانی ئەمریکایان لەدەسلات هێنایە خوارەوە. وەلەجێگا ئەوە حکومەتێکی چەپیان دامەزراند. بە هاتنەسەرکاری ئەو حکوومەتە داخوازیەکانیان بەدەست هێنا کەبریتی بوون لەمللی کردنی نەوەت، خوێندنی بەخۆرای،ئازادی هەلسورانی سیاسی، ئازادی رێکخراوە کرێکاری و جەماوەریەکان، ئازادی خۆپیشاندان ومانگرتن، بەخۆرای کردنی داودەرمان.......هتد

خەلکی ڤەنزوێلا بەهەلبژاردنی شاڤێز وەدابین کردنی داخوازیەکانیان سەرنجی جیهانیان بەرەوخۆیان راکێشاو وەریگاشیان بۆ ئێمە خۆشکرد کەئالووگۆر لەخۆمان پێک بهێنین.لەکۆبوونەوەی رێکخراوی نێودەولەتی شاڤێز وەک نوێنەری خەلکی ڤەنزوێلا دابەزیە سەر شەرخوازی و ئاژاوەگێری حکوومەتی ئەمریکا وەئەو حکوومەتەی بەسەبەبی ئالۆزی جیهان ناساند و جۆرج بۆشی سەرۆک کۆماری ئەمریکای وەک شەیتان ناساند. ئەو قسەوباسانەی شاڤێز بووە هۆی پشتیوانی زۆربەی نوێنەرانێک کەلەوێ ئامادەبوون.

لە بولیفیا خەلک لەهەلبژاردنی ئەو وولاتە دەنگیاندا بەکەسێکی کرێکار و زەحمەتکێش، لەرووی مێژوویی یەوە رووداوێکی زۆر گەورەبوو کەبۆیەکەم جار سورپێستێکی کرێکار گەیشتە پلەی رابەری ئەو وولاتە،ئەوە رادەی وشیاری خەلکی ئەو وولاتەی بەئێمە راگەیاند، بەو ئالووگۆرە داخوازیەکانی خەلکی جێبەجێ کران. نەوت و غاز مللی کرا،خوێندن کرایە خۆرای، بریاردرا زەویەکان بەسەر جوتیارەکاندا دابەش بکەن.

رادەی وشیاری خەلکی ئەمریکای جنوبی بەمەوە نەوەستا لەناو خودی ئەمریکا گەورەتریین پلانی ئەمریکایان ئاشکرا کرد ئەو پلانەش دژ بەو کرێکارە پەنابەرانەبوو کە لەئەمریکای جنوبیەوە چونەتە ئەوێ. حکوومەتی ئەمریکا کەخۆی بەلایەنگری مافی مرۆڤ دادەنێ بۆخۆی سەرچاوەی پێشێلکردنی ئەو مافەیە.خۆپشاندانی 5ملیۆن کرێکاری ئەمریکای جنوبی لەئەمریکا رووخساری پێ شێلکەرانی مافی مرۆڤیان ئاشکرا کرد.

ڕووداوەکە لەسەر ئەوەبوو کەئەمریکا بەنەهێنی لەهێزی کاری ئەو کرێکارانە کەلک وەردەگرت کەلەڕێگای قاچاغەوە چونەتە ئەمریکاو.
ئەم کرێکارانە لەکشتووکالەکانی ئەوێ کاریان پێ دەکەن و بەم کرێکارانە یەک چوارەمی کرێی کرێکارێکی ڕەسمی دەدەن.
ئەم نارەزایەتیانە جێگای ڕێزن چونکە مەجالیان بەحکومەتی ئەمریکاو بەریتانا نەدا تافێلبازانە لەئاژاوەی ئەفغانستان و عێراق بۆ فشار هێنان بۆ فەقیرو هەژاری وولاتی خۆیان کەلک وەربگرن، لەلایەکیترەوە یارمەتی خەلکی ئێرەیان دا تاچی تر خۆشبین نەبن وەبەجێگای چاوەڕوانی لەکۆیلەدارانی دیموکراسی دەنگی خۆیان بدەنەپال دەنگی نارەزایەتی ئەوان، تاوەک ئەوان بەمافەکانی خۆیان بگەن.
لەلایەکی ترەوە ئەوروپیەکان کەمخالفی شەری عێراق بوون (چونکە بەقازانجیان نەبوو) تەنانەت ئەوانیش لەئالۆزی شەری ئەفغانستان و عێراق کەلکیان وەرگرت تاکو هێرش بکەنە سەردەستکەوتەکانی خەلکی ئەوروپا لەوانە یەکیان فەرەنسا بوو. دەسەلاتدارانی ئەوێ بەکەلک وەرگرتن لەو ئالۆزیانە دەستیان دایە گۆرینی قانوون و یاسای فەرەنسا تەنانەت پەرلەمانیش گۆرانکاریەکەی پەسەند کرد بەلام خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش بەپشتیوانی فکرەی شۆرشگێرانە لەدژی ئەم یاسا تازەیە رژانە سەر شەقامەکان وەتا پووچەلکردنەوەی شەقامەکانیان جێ نەهێشت. بەم کردەوەی خۆیان مەجالیان نەدا کەبەرەی راستی دەسەلاتدار دەستکەوتەکانیان پێشێل بکن. سەرجەم ئەم رووداوانە بەئێمەیان نیشاندا کەخەلکی ئێرە پێویستە بسەلمێنن کە هەلوێستەکەیان لەبەرامبەر پشتیوانی کردنی ئەمریکا دوورست نەبوو وەپێویستە راستی بکەنەوە.
تاکو ئێرا دوو خالی سەرەکی تێدایە کەراستەوخۆ بەئێمەوەش گرێ دراون وەسەرکەوتنی ئێمەش بەخۆیەوە گرێ دەدا، یەکەم داخوازیەکان دووەم دەسەلاتی سیاسی.داخوازیەکانی خەلک لە بولیفیا وە ڤەنزوێلا دەمێک سال بوو وەک باقی وولاتانی ئەمریکای جنوبی خەباتیان بۆ دەکرا لەم رێگایەدا خەباتکارانێکی زۆر گیانیان بەختکرد بۆ نمونە خەباتکاری وەک گیفارا لەدەست چوو دیارە پێش ئەوەی گیانی لەدەست بدا لەگەل خەباتکارانی کوبا لەوانە فیدل کاسترۆ توانیان رژیمی سەر بەئەمریکای ئەوێ بروخێنن و رژیمێکی سۆسیالیستی لەجێگای دابین بکەن. ئەم تەجرووبە بەنرخە بوو بەدەستمایە گیفارای هاندا تابۆ پاراستنی کوبا بۆ درێژە پێدانی شۆرشی کریکاری روو بکاتە شۆرشگێرانی وولاتانی دیکەی ئەمریکای جنوبی. بۆیەکەم وولات بولیفیای هەلبژارد هەرلەوێش گیانی بەختکرد.
رێبازی گیفارا و سوربوونی ئەو لەپێناو سەرکەوتن، بوو بەدەست مایەک کە لەبولیفیا و ڤەنزوێلا دەسەلاتی سیاسی بەدەست بهێنن. خەلک تاکو بەدەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی نەیان توانی داخوازەکانیان بەدەست بێنن، هەربۆیە رۆژ بەدوای رۆژ سورترن

وەخەباتی بۆدەکەن. شۆرشێک کەبەدەیان گیفارای تێدا لەدەست چوو وەتێکۆشەرێکی وەک و فیدل کاسترۆی تێدا پیربووە ئێستا بۆتە شتێکی بێ گەرانەوەو سەرکەوتنی بۆ هەموان سەلماندوە.

جا بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو دووخالە (داخوازیەکان و دەسەلاتی سیاسی) پێویستە زیاتر قسەیان لەسەر بکەین، کاتێک ئەگەر سەیری داخوازیەکانی (خەلکی ئەمریکای جنوبی) کەلەچەند سالی رابردوو بەدەستیان

هێناوە ئەو داخوازیانەن کەئێمەش داوایان دەکەین.

1- ئێمەش مندالەکانمان پێویستیان بەخوێندنە وەدەبێت وەک زەروریەتێکی حەیاتی کۆمەل چاوی لێبکرێ، بۆئەم مەبەستەش داخوازی ئێمەش ئەوەیە کەدەبێت لەهەموو گوندو شارێک قوتابخانە دابین بکرێت خوێندنیش بەخۆرای بێت، شارەکان دەبێت زانکۆی هەبێت، دەولەت دەبێت تاکوو پلەی ناوەندی بۆ هەموو کەسێک خوێندن بکات بە یاسا،ئەرکی بەرێوەچونی ژیانی خوێندکاران لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن دەبێت دەولەت دابینی بکات. ئەو خوێندکارانەی خوازیاری خوێندنن لەدەرەوەی وولات دەولەت لەسەریەتی پیداویستیەکانیان دابین بکات.دەبێت بایەخ زیاتر بەکچەکان بدرێت.

2- ئێمەش وەک خەلکی بولیفیا پێویستمان بەویە بایەخی زۆر بەکشتوکال و بەرهەم هێنان بدەین تەنیا لەم رێگەیەوەیە کەبەرادەیەکی زۆر دەتوانین لەسەر پێێ خۆمان راوەستین بۆئەم مەبەستە پێویستە زەمینەی ئاوادان کردنەوەی دێهاتەکان ئامادەبکەین. ناکرێ بەخەلک بوترێ دێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوە بەلام رێگەوبان دورست نەکرابێ، کارەبای نەبێت، پارە بەخەلک نەدرێت کەخانووی پێ دورست بکەن،قوتابخانەی لێ نەبێت،ئاو کارەبای نەبێت،زەویەکان بەسەر خەلک دابەش نەکرابێ،تەراکتۆرو مکاین نەبێ، دیارە بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ حکومەتی سەدام کە مەجالی نەدا عەشیرەتەکان لەناو بچن و وەمەدەنیەت و شارستانیەت بەباشی بچێتە ناو کۆمەل، بەلام خۆ ئێستا هیچ کۆسپ و بیانویەک لەگۆرێ دا نیە وەدەبێ ئەو رێگایانەی مەجال بەتارمای سونەتی عەشیرەتی دەدەن بەری پێ بگیرێ. لەگەل دابین کردنی ئەمانە لەدێهاتەکان پێویستی بە نانەواخانەی گشتی، جل شۆرخانەی گشتی، پارکی مندالان هەیە.

سەرجەم ئەمانە دەبنە کاری بنەرەتی وەدەبێ کاتی بۆ دیاری بکرێ بۆ دابین کردنیان بۆنموونە لە 3تا 5سالی داهاتوو دەبێ جێ بەجێ بکرێن.

3- ئێمەش وەک خەلکی ڤەنزوێلا و بولیفیا نەفت و غازمان هەیە تەنانەت لەهی ئەوانیش زیاترە، بەلام تاکو ئێستا مەجال بەخەلک نەدراوە تا بیر بکەنەوە داهاتی ئەم بەرهەمە گەوەرە چەندێکە وەچۆن مەسرەف دەکێ، جگەلەوەی مەجال نەدراوە تەنانەت

پێداویستیەکانی خەلکیش دابین نەکراوە بۆ لترێک نەفت و بەنزین چەندین رۆژ دەبێ چاوەروان بن.
ئێستا لەم هەلومەرجەدا پێویستە مەجال نەدرێ چیدیکە دەسەلاتداران حەیف و مەیلی بکەن وەدەبێ لەمەودوا ئێمەش کارێ بکەین کەنەفت و غاز بەمانای واقعی مللی بکرێ و داهاتەکەی بدرێت بەخەلک.
ئەم سێ داواکاریە (زەوی وئاوەدانکردنەوە، خوێندن و فێرکردنی بەخۆرای، وەمللی کردنی نەفت و غاز) بەرادەیەکی بەرچاو ئێمە لەگەل خەلکی ئەو وولاتانەی کەباسم کردن نزیک دەکاتەوە وەبیری ئێمە لەتێروانینی تەنیا ناوچەی دەگوێزێتەوە بۆ روانگەی جیهانی.
بۆئەوەی ئێمەش بگەینە پلەی هەموو وولاتانی دیکەی جیهان پێویستە تایبەت مەندیەکانی ئێرە کەبوونەتە دواکەوتویی ئێمە لەچاو ئەوان بەرەسمیەتیان بناسین و هۆکاریەکانیان بدۆزینەوە تابتوانین سونەتی شیاوی خۆیان دیاری بکەین و لەجێ خۆی دابنێین.
بۆنمونە وک لێرە مشکیلاتی نەتەوایەتی هەیە لەوێ وانیە، وەک ئەوەی لێرە مەسەلەی ژنان هەیە لەوێ وانیە، وەک لێرە رێگری لەبەردەم کیشەکان خێزان هەیە لەوێ وانیە،وەک لێرە ئازادی و مافی رێکخراوبوون و دەربرینی بیرو باوەر رێگری هەیە لەوێ وانیە، وەک لێرە دین دەخالەتی لە ژیانی هەموو تاکێکی ناو کۆمەلگا دەکا لەوێ وانیە،بێ ماف کردنی کرێکاران لەداخوازیەکانی خۆیان وەک و ئێرە نیە،لەوێ کەسانی پیرو بەسال داچوو نەخراونەتە لاوە،وەک ئێرە سەبارەت بەمندالان کەمترخەمنین، وەهەروەها لێرە دەیانەوێ فیدرالیزم بەناوی مافی دیاریکردنی چآرەنووس دەرخواردی خەلک بدەن تاکو خەلک مافیان نەبێت چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.
هەتاکو ئێستا بەکردەوە وەلەناو دەستورو قانوون و یاسای نوێش کەپەرلەمان لەسەری دواوە باسێکی لەوانەی ئیشارەم پێ کردوون چاوەروان ناکرێ. جا واپێ دەچێت کە بیرو بۆچونی دەسەلات تەرخان کراوە بۆ جواب دانەوە وەرێگا خۆشکردنی هەرچی زۆرتر بۆسەرمایە ئەهلیەکان تابەپشتیوانی سەرمایە ئەهلیەکانی دەرەوە ببنە خاوەن دەسەلات بەسەر خەلکی کرێکارو هەژاری ئەم وولاتە.
کەواتە چۆن دەکرێ نوێنەرانی پەرلەمان ناوی نوێنەرانی خەلکیان لەسەربێ بەلام لەجواب دانەوە بەنیازو داخوازیەکانی خەلک لەدەستوری پەرلەماندا خۆبدزنەوەو دورەپارێزی بکەن؟
جوابی ئەم پرسیارانە بەوەنادرێتەوە کەئێمە چاوەروانی ئەوان بکەین. بەلکو لەگەل گەلالەکردنی داخوازیەکان دەبێ لەدەوریان کۆببینەوە تاوەکو وولاتانی ڤەنزوێلا و بولیفیا بۆخۆمان دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین، تەجروبەی ئەم دوو وولاتە کە بۆ بدەست هێنانی داخوازیەکانیان دەیان سال خەباتیان بۆ کرد تاکو دەسەلاتی سیاسیان بەدەستەوە

نەگرت نەیان توانی ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن. ئێمەش ئەو تەجروبە بەنرخەی ئەوان دەکەینە پەراوێزی چالاکی خۆمان تا هەرچی زووتر بەسەرکەوتن بگەین،
پێویستە داخوازیەکانمان رونبکەینەوە تا بزانین لەبەدیهێنای هەر داخوازیەک چناوەرۆکێکی بۆ دادەنێین وە چاوەروانی چی دەکەین.
سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی و دیاریکردنی مافی چارەنوس دەبێ بلێین بەبۆچونی ئەوانەی کەباوەریان هەیە مافی دیاریکردنی چارەنوسی وولات تەنیا دبێت بەرای گشتی بکرێت، دەبوو بەدوای روخانی رژێمی بەعس لەعێراق کێشەی نەتەوایەتی کۆتای پێ بێت بەلام ئەوەی لەعێراق هاتۆتە سەر کارو ناویان ناوە فیدرالیزم ئیرادەی کۆمەلانی خەلک نیە، بەلکوو ئەوا سیاسەتی چەند حیزبێکی دەسەلاتدارە کەبەهاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەسەلاتیان بەدەست هێناوە. هەربۆیەش بێ دەنگن لە جێ بەجێ کێشەی نەتەوایەتی، بەبۆچونی هەموو ئەوانەی کەباوەریان بەرای گشتی هەیە دەبوو پاش رووخانی رژێمی بەعس لەناو هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب هەلبژاردن بکردرابایە تاکو دەنگیان بدابایە کە پێکەوە لە چوارچێوەی وولاتی عێراق دەمێنەوە یان جیا دەبنەوە، دیارە هەردوو نەتەوەکە داخوازیەکانی خۆیان دەنوسی وەپێشکەشیان دەکرد تا ببوایە بنچینەیەک بۆ مانەوە یان جیابوونەوە.
بەلام لەعێراق لەجێگای خەلک ئەم چەند حیزبەی ئێستا دەسالاتدارن رێک کەوتوون لەسەر مانەوەی و ناویان ناوە فیدرالیزم، ئەم فیدرالیزمە بەباشی دەسەلاتی لەنێوان بۆرژوازی کوردو عەرەب دابەش کردوە دەبینین سیاسەتی خارجی، سیاسەتی دراو.سیاسەتی سەربازی،سیاسەتی عەدل و محکەمە، هەموان لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە دیاری دەکەرێن.

لەبەر ئەوەی دەبینین تاکو ئێستا حکومەت مافەکانی خەلکی جێ بەجێ نەکردوە پێویستە ئەمانەی لەخوارەوە باسیان دەکەین کەداخوازی هەر ئێستای کۆمەلانی خەلکی عێراقە دەبێت جێ بەجێ بکرێت.

1- دابین کردنی ئەمن و ئاسایشی خەلکی عێراق
2- چونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی
3-پارستنی خەلکی عێراق لەهەر دەست درێژیەکی هێزە کۆنەپەرستەکانی عێراق و ناوچەکە بخرێتە ئەستۆی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان.
4- دەستورێک بۆ عێراق بنوسرێتەوە بەپێ یاسای نێونەتەوەی.
5- بنەمای بەرێوەچونی دەسەلات و حکومەت دەبێت جەماوەری بێت.

6- دین دەبێت لەدەولەت جیا بێت، نابێت کتێبە ئاینیەکان بکرێن بەبابەتی خوێندن لەقوتابخانەکان،یارمەتی کردن بەشوێنە ئاینیەکان و کەسانی ئاینی دژ بەبریاری جیای دین لەدەولەتە.
7- ئازادی بیروراو نوسین و خۆپیشاندان ومانگرتن دەبێت بەرەسمی بناسرێ.
8- بەرابەری ژن و پیاو لەئاستی خێزان، سیاسی ، ئابووری و کۆمەلایەتی.
9- چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی دەبێت لەریفراندۆمێکی ئازاد کە خەلکی کوردو و عەرەب بەدەنگدان بریاری جیابوونەوە یان پێکەوە ژیانی لەسەر بدەن.
10- دەستوری جیهانی کار بکرێت بە بەشێک لەدەستوری کاری کرێکار عێراق
11- کار یان بیمەی بێکاری بۆ هەر هاوولاتیەک.
12- دیاری کردنی سەعات کار بەپێ یاسای وولاتانی پێشکەوتوو.
13- قەدەغەکردنی کاری مندالان تاکو تەمەنی 18 سالی.
14- بەخێوکردنی ئەوکەسانەی کەتەمەنیان لەسەرەوەیەو توانای کارکردنیان نەماوە، دەولەت دەبێ ئەوەندە هەقیان پێ بدات وەکو کەسێک کەکار دەکات.
15- بەخۆرای کردنی داو و دەرمان بۆ هەموو هاوولاتیان.
16- هەموو کەس هەقی ئەوەی هەیە شوێنێکی شیاوی ژیان کردنی هەبێت وەک خانوو وپێداویستیەکانی ناو مال.
17- تەواوی ئەو کەس و حیزب و گروپانەی کەلەسەرکوتی خەلک دەستیان هەبووە نابێت بەهیچ شێوەیەک مەسئولبن لەداموو دەزگاکانی حکومی و جەماوەری.
18- ئەنجومەنی نوێنەرانی خەلک بالاترین دەزگای دەسەلات بێ، هیچ بریارێک تاکو لەلایەن ئەنجومەنەوە بریاری لەسەر نەدرێت نابێ جێ بەجێ بکرێ.
19- دەزگای بالای دادپەروەری دەبێت لەنوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی ناو عێراق پێک بێ.
20- دەخالەت کردنی وولاتانی دەرەوە لەکاروو باری ناوخۆ دەبێ قەدەغەبکرێ.
21- یەکی ئەیار دەبێ بەرەسمی بناسرێ، و بکرێت بە پشوی گشتی.
22- 8ی مارس رۆژی جیهانی ژن بەرەسمی بناسرێ و بکرێت بە پشوی گشتی.
23- تەواوی داهاتە سەرەکیەکان وەک نەوت و غاز، کانەکان، وە کۆمپانیا گەورەکان دەبێ مللی بن و دەولەت بەرێوەیان بەرێ.
24- هەرچەشنە هەلاواردن و جیاوازیەک لەئاستی ئابووری، کەلتوری ،مەزهەبی، رەگەزی، سیاسی،نەتەوایەتی،جنسی، وەرەنگ و پێست دەبێ قەدەغەبکرێ.
25- ئاوەدانکردنەوەی شارو دێهاتەکان لەسەر شێوازێکی پێشکەوتنخوازانە.

26- دابەشکردنی زەوی وزار بەسەر جوتیاران وەدابین کردنی پێداویستیەکانی جوتیاران بۆ ئاسان کردنی بەرهەم هێنان.
27- قانون کارێکی کرێکاری کەلەلایەن زۆربەی نوێنەرانی هەلبژێردراوی کرێکاران نوسرابێتوە.
28- مافی خۆهەلبژاردن بۆ هەموو کەسێک ئازادە کەتەمەنی لە18سال زیاتربێت.
29- هەموو ئەو کەسانەی کەخۆیان هەلدەبژێرن مافی ئەوەیان هەیە لەئیمکاناتی تەبلیغاتی دەولەت وەکوو یەک کەلک وەربگرن.
30- سەرۆک کۆماری عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان نابێ لەدوو دەورە زیاتر هەلبژێردرێن. بۆ ئەم پۆستە هەلبژاردنی ئەو کەسە دبێت لەلایەن کۆمەلانی خەلکەوە دیاری کرابێت نەک لەلایەن حیزب و گروپەسیاسیەکانەوە.

بۆدابینکردنی ئەم داخوازیانە ئێمە پێویستە دوو کار بکەین،یەکەم دەبێت رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان مەجبوربکەین کەکاروباری ئاسایشکردنەوەی عێراق لەئەستۆ بگرێت تاکو هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بیانویەکیان بۆمانەوە لەعێراق نەمێنی و بچنە دەرەوە.
دووم لەگەل ئەودا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێ سەرپەرشتی نوسینەوەی دەستوری نوێی عێراق بکات بۆ ئەوەی ئەو داخوازیانەی باسیان کرا تێی دا بنوسرێتەوە.
بۆ دابین کردنی هەموو ئەم داخوازیانە پێویستە لەدەوری یەک کۆبینەوەو تا بەهەلبژاردنی نوێنەرانی خۆمان داخوازیەکان بکەین بەدەستوری عێراق، ئەمانە هەمووی داخوازی کۆمەلانی خەلکی عێراقە.
هەموو ئەوکەسانەی کە خۆیان بەرامبەر بە خەلکی عێراق بەرپرسیار دەزانن دەبێت لەهەولی جێبەجێ کردنی دابن.
کۆبونەوە لەدەوری ئەم داخوازیانە یارمەتیمان دەکا کەلە روحیەتی حیزبی و فەردی دورمان بخاتەوەو هەنگاو بنێین بۆ کارێکی کۆمەلایەتی فرەوانتر.
لەسەر ئەم داخوازیانە دەتوانین ئاسۆی جولانەوە کۆمەلایەتیەکان وەکو (ژنان، لاوان، مندالان، کرێکاران، ئاوەدانکردنەوە، وە نەتەوایەتی ) رۆشنتر بکەین.

2007-2-2